بەشی ڕێنمایی پەروەردەیی ودەروونی

قۆناغی دووەم

# چارەسەری کێشەکان

م.سروە جعفر حسین

2024-2023

# بەشی یەکەم

## **چەمکی چارە سەری کێشە کان**

کۆمەلە کردارێکە کە تاك پێ ی هەڵدەستێ ئەویش بەبەکارهێنانی ئەو زانست و زانیاریانەی کە پێشتر فێریان بووە ، وە ئەو کارامەیانە ی کە وەری گرتووەو بۆ زاڵ بوون بە سەر مەوقفێك کە نادیارەو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکات وبگاتە چارە سەرێك بۆی بە شێوەیەکی نوێ .

- چارەسەری کێشەکان بە کارامەیەکی عەقلی دەژمێردرێت ،وە یەکێکە لەو چالاکیانەی کە مرۆڤ جیادەکاتەوە
- هەربۆیە مهاراتی چارەسەری کێشەکان بنەرەتیکە بۆ مهاراتی دی
- مرۆڤەکان هەر لەسەرەتایی ژیانەوە رووبەرووی کێشەی جۆراو جۆر بونەتەوەوە پێویستە کاربکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆی .

زۆر کەمە گەررۆژێك مرۆڤەکان روبەرووی کێشە نەبنەوە ، بەلأم کێشە کانیش بە پێ ی ئاسانی وگرانی و ساددەیی و ئالۆزییە وەکو چۆن مرۆڤەکان جیاوازن لە ئامادده باشی زانستی و خبرەی ئیستایان وکارامە ییان وراستی هە ستەکانیان ،وە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چارەسەری کێشە بە هایەکی یەکسانی نییە بۆ هەموو کێشە یە ك و مرۆڤێك .بەلکو کارامەیەکی دیاری کراو گرنگی یەکی گەورەی هەیە بۆ کێشە یەکی دیاری کراو لەوانەیە هەمان کارامە کەمتر گرنگی هەبێ بۆ کێشەیەکی تر .

## **بۆچی گرنگی بە چارەسەری کێشەکان دەدەین؟**

فێرکردنی قوتابی لەسەر شێوازو کارامەیی چارەسەری کێشەکان یارمەتییان دەدات بۆبیرکردنەوەو کارامەیی عەقلی تر ، چونکە چارەسەری کێشەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە کردارەکانی گەشەی مەعریفی لەلای تاك . بۆیە ئامانجی سەرەکی پەروەردەو فێرکردن گەشەپێدانی تواناکانی فێرکارە

بۆ ئەوەی خۆیان چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن وتاکو بتوانن لە داهاتووشدا چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن. چونکە وەرگرتنی چارەسەری کێشەکان لەلای فێرکار وادەکات کە زیاتر باوەڕی بە خۆی بێت کە پێویستی پیَ ی دەبێت .

وە گەشەپێدانی پەیوەندییە کانی لە گەڵ دەورووبەری وهەست کردن بە بەرپرسیارەتی وە توانا لەسەر بڕیاردان.لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەکارامەیی چارەسەری کێشەکان کارامەیی یەکی سەرەکییە یۆ کارلێکردن و تەواوکاری بنیادنانی لایەنی مە عریفی و ویژدانی تاکەکان .

**پێناسەکانی کێشە :-**

جون دیوی Dewy:

کیشە حالەتێکی گومان و ڕاڕایی ودوودڵییە پێویستی بە کارو توێژینەوە هەیە بۆ رزگاربوون لەم حالەتە وگورینی بۆ حالەتێکی ویژدانی ئارام و رازی بوون .

هاریس Harris (

کێشە بریتییە لە جیاوازی نێوان باری ئیستا و ئامانجەکانت ، وە کێشە بە دیاردەکەوێت لە دەرەنجامی حالەتی بیرکردنەوەو زانیاری نویَ .

ارمرود

کێشە بریتییە لە موقفێك کە پێویستی بە چارەسە رکردن و ئامادەکاری هەیە بۆی ، یان زانیاریەکی سەرسورهێنەرە کە روبەرووی تاك دەبێتەوە وە پێویستە بڕیاری لە سەر بدات و یان پیلانێکی بۆ دابڕێژێت.

عتوم و اخرون

کێشە بریتییە لە موقفێك کە بەربەست دروست دەکات لە بەردەم تاکدا وە دەبێتە ڕێگر لە جیَ بەجیَ کردنی ئامانجەکانی وەهۆکارێك دەبێت بۆ نەبوونی هاوسەنگی

## ڕێنمای چارەسەری کێشەکان :

کردارێکە ئامانجی یارمەتی دانی ڕێبەرکراو بۆ ڕزگاربوون لەو بەربەستانەی توشی بووە وە پێویستی بە ماندبوون هەیە بۆئەوەی تاکە کە بگات بە چارەسەرو بگەڕێتەوە باری سەقامگیری یەکەی (الاستقرار) .

کارامەیی چارەسەری کێشە کاتێك دەبێت کە کێشە هەبێت و پێویستی بە چارەسەر بێت ،بۆیە رابەر (المرشد) هەڵدەستێت لەگەل ڕێبەر کراو (المسترشد) بە هەندێ ڕێ و شوێن بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەری کێشە کان .

.

## <u>جۆرەکانی کێشە</u>

ئەو کێشانەی کەرۆژانە رووبەرومان دەبنەوە زۆرن وە جۆراوجۆرن بەمشێوەیە :-

1- بەستنەوەی کێشەکە بە مرۆڤەوە : کە کێشە گشتییە کان و کێشە تایبەتییەکان و کێشە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کان دەگرێتەوە .

2- سروشتی کێشەکە : پێکهاتەکانی وە هۆکارەکانی کاریگەر لەسەری جۆراوجۆرن لەوانەیە کێشەکان سادەو روون بن یان ئاڵۆزبن یاخود خاوەنی سروشتی پەروەردەیی و ئابوریو تەندروستی بن .

3- سەرچاوەی کێشەکە : کێشەکان لە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و خێزانی و کۆمەڵگا و خوێندن وکە سیتی تایبەت ....هتد دروست .دەبن .


## پۆلێن کردنی کێشەکان

1-جۆری یەکەم : تاکەکان وا ئەرواننە کێشەکان کە هیچ شتێك نییە وکێشەش بوونی نییە ئەمەش سوکایەتی بە کێشە دەکات و گوێی ی ناداتێ و ەئەمەش دوورویە لەگەل خۆیی و کۆمەلگاکەی ودەوروبەری ئەمەش وادەکات کە کێشەکان زیاتر پەرە بسێنێت .

2-جۆری دووەم : هەندێکیان دەیانەوێت کێشەکان زیاتر بێت و پەرە بسێنێت هەر چەندە سادە بێت یان ئالۆزبێت وای بۆدەچن کە کێشەکە چارە سەری نییە و ئەستەمە چارەسەر بکرێت.

جۆری سێیەم :کێشەکە لەبەردەم تاکدا روون دەکاتەوە وە هەول دەدات چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە وەدروشمەکەی

( هەمووکێشەیەك چارەسەر ی هەیە )



**پۆلێن کردنی کێشەکان بە پێی سروشتی چارەسەرکردنی دەگەڕێتەوە بۆ :-**

1- کێشە کراوەکان : ئەو کێشانەن کە دەرەنجامەکەی نەزانراوە یان چارەسەرێکی دیاریکراوی نییە ئەویش لەبەر کەمی ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندی بە کێشەکەوە هەیە ..

وەئەوجۆرە کێشانە پێویستی بە چارەسەری جۆراوجۆر هەیە. یان چارەسەرێکی ناوەندی دەبێت کە هەموو لایەنەکان رازی بکات  وە یان چارە سەر ئەوەیە لەسەر بارودۆخەکە بمینێتەوە بگونجێ لە گەل کێشەکەو ئارام بگرێت .

.

2- کێشە ی مام ناوەندی : ئەمە یەك چارەسەری راستی هەیە بەلاّم دەتوانین بگەینە ئەم چارەسەرە بە چەند رێگایە کی جیاواز.

3- کێشە داخراوەکان : ئەو کێشانەن کە لاساییکەرەوەن (تقلیدییە ) کە یەك چارەسەری راستی هەیە وە یەك رێگەشی هەیە بۆ چارە سەر کردن .

**رێگەی نواندن لە چارەسەری کێشەکان:**

هایز 2001 جۆرێك لەنواندنی بەکارهێنا لەچارەسەری کێشەکان :-

1. دیاریکردنی کێشە: - ( لەمانگی 6 ی ساڵی داهاتوو من دەرئەچم لەکۆلیژو کۆتای یەکێك لەقۆناغەکانی ژیانمە .

2. نواندنی کێشەکە:-(بێ کاردەبم بێ پارەدەبم , بۆیە پێویستە کارێکم دەست کەوێت .. بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی خێزانەکەم پەیدا بکەم ,

3. پلان کردنی چارەسەر :(ژیانامەی خۆم دەنووسم وە دەچم بۆ بازاری کارکردن , وە راوێژ بە هاورێ یان و مامۆستایان دەکەم )

4.جێ بەجێکردنی چارەسەرەکە:- ( چەند چاوپێکەتنێك دیاریدەکەم لەچەند کۆمپانیایەك .)
5.هەڵسەنگاندنی پلانەکان :-(بیرلەهەموو ئەو ئەو شانسانە دەکەمەوە لەژێر رۆشنایی پێداویستیەکانم و ئارەزووەکانم , دواتر بریار دەدەم لەژێر رۆشنایی کۆمەڵێك لە پێوەروەکو ( ئەوەی کە راتبی زیاتر دەدات یان مۆڵتی زیاتر دەدات یان زوتر خانەنشین دەکات...):

**چەند گریمانەیەك بۆ چارەسەری کێشەکان :-**

1. دەکرێت بیرکردنەوە لە چارەسەری کێشەکان گفتوگۆیەکی داخلی بێت لەنێوان خودی تاك خۆی .
2. تاك ئامانجێکی هەیە کەتوشی چەند ئاستەنگێك دەبێتەوە لەپێش جێ بەجێکردنی .وە تاك هەوڵ دەدات لەو ئاستەنگانە رزگاری ببێت
3. بیرکردنەوەی چارەسەری کێشە دەست پێ دەکات بە نەتوانینی تاك لەتێگەیشتنی شتێکی روون.
4. وە ئەو تاکانەی ئاستی زیرەکیان لاوازە شکستەکانیان دووبارە دەبێتەوە لە گەران بەدوایی زانیاری کێشەکەو وە بەکارهێنانی
5. شارەزای یەکانی پێشتر کاریگەری ئەرێنی لەچارەسەری کێشەکان دەبێت.
6. چەند هۆکارێك هەیە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی چارەسەری کێشەکان دەبێت وەکو لەبیرچوون , زمان زانیین, بوونی پاڵنەر , .
.

## قۆناغەکانی چارەسەری کێشە

زاناکانی دەروونزانی وای دەبینن قۆناغەکانی چارەسەرکردن بە سێ قۆناغی زانراودا تێپەردەبن :

1- قۆناغی دۆزینەوەی هەستی (الحسی): ئەم قۆناغە جێ بە جێ دەبێت بە هەست کردن بە و هۆکارەکانەی کە بوونەتە هۆی روودانی ئەم کێشەیە ئەمەش لە رێگای هەستەوەرەکانمانەوە کە دەگەینە زانینی سروشتی کێشەکەو قورسی و سوکی کێشە کەمان بۆ دەردەکەوێت.

2- قۆناغی ناساندن (التعرف): لەم قۆناغەدا دەتوانین شیکردنەوەو روونکردنەوە ی کێشەکان بکەین لەرێگەی ئەو زانیاریانەی پێشوو کەلە هەستەوەرەکانمانەوە بۆمان دێت .

3- قۆناغی تاقی کردنەوە (اختبار) : لەم قۆناغەدا دەگەینە چارەسەری کێشەکان لە رێگەی بەستنەوەی کێشەی ئێستا بە هەستەوەرەکانمان وزانیاری پێشوو دواتر هەڵبژاردنی وەڵامێکی زانستی گونجاو بۆی

لێهاتووی چارەسەری گرفتەکان :-مهارات حل الشكلات

چالاکی یەکی زهنی معرفی یە بەچەند قۆناغێك دەرەوات , وە لەوانەیە بە خێرایەکی ئالی بروات کاتێ ئەگەر تاك تواناى کۆنترۆل کردنی هەبوو بەسەر هەموو قوناغەکان .

عناصر مهارات حل المشكلات پێکهاتەکانی لێهاتووی چارەسەری گرفتەکان

1. هەموو کێشەیەك لایەنێکی هەڵچوونی تێدایە , دەبێ ئەمە بەهەند وەربگیریت

2. ئەبێ کێشەکە دووبارە نەبێت , کەتاك راهێنانی لەسەر کردبێت

3. مهارات حل المشكلە یارمەتی تاك دەدات بە کارهێنانی رێگایەکی زانستی لەبیرکردنەوە

مهارات حل المشكلات من وجهه نظر العالم جانييه

1. رەفتارەکە بەرەو ئامانجێك ئاراستە دەکرێت

2. تاك هەول دەدات بۆ چارەسەری کێشەکە لە زهنی وێنە یەك و چوار چێوەیەکی گونجاو بۆ گرفتەکە دادەنێت کە ئەمە دەیبات بۆ پرۆسە فیکریەکان

3. جیاوازی تاکایەتی لە توانایی بۆ چارەسەری کێشەکان لە نێوان تاکەکان هەیە لە جۆراو جۆری توانای فیکری یان

4. خێرانەبوون لە حوکم دان .

5. کرداری نموونە وەکو وێنە وە رەمزەکان وە هاوکێشە ..بۆ سادەکردنی گرفتەکە

6. دووبارە صیاغە کردنی گرفتەکە و وە رێگاکانی خستە رووی

7. مرونە هەبێت لە پێشبینی یەکان و رێگاکانی

8. چارەسەرەکان هەڵبسەنگێنرێت

9. جێبەجێ کردنی ئامانجەکە

## بەشی دووەم

## ئەونموونانەی بوونەتە پێشکەوتنی چارەسەریکێشەکان:

### یەکەم/نموونەی جون دیوی :

زاناکان وایدادەنین لەوانە( جون دیوی )کە تاك پێویستی بە تێگەیشتنی گرنگی زانیاریەکان و سوودەکانی هەیە بۆ ئاسانکردنی چارەسەری ئەو کێشەیەی کەدەیەوێت چارەسەری بکات .وە زانا (سترنبرك) یش پشتگیری لەسەرگرنگی بنیادی زانیاریەکان کرد.وەدەتوانرێت تێ بینی چارەسەری کێشە کان بکرێت لەورێگایانەی خوارەوە :

1-هەست کردن بە کێشە

2-دیاریکردنی کێشەو هۆکارەکانی

3 –دیاریکردنی پێداویستیەکانی کێشە

4-دانانی پلان بۆ چارەسەری کێشە

5-دەستپێکی جێ بەجێ کردنی چارەسەری کێشە

6-بەدواداچوون

7-پێداچوونەوەو راستکردنەوەو گۆرانکاری لە کاتی چارەسەردا

**8- هەڵسەنگاندنی چارەسەری کێشە**

**ئەمانەی سەرەوە نموونەی (سترنبرک) بۆ چارەسەری کێشەکان بوو ،بەلآم جون دیوی کتێبێکی دانا بەناوی (چۆن بیردەکەینەو وە چۆن چارەسەری کێشەکان دەکەین ) وە پێنج قۆناغی دانا بۆ چارەسەری کێشە کە ئەمانەن :**

**1–هەست کردن بە کێشە**

**2-پێناسەی کێشەو دیاریکردنی**

**3-دانانی گریمانەو پێشنیاری کردنی چارەسەر**

**4-تاقی کردنەوەی گریمانەکە**

**5-گەیشتن بە چارەسەر**

**<u>سێ یەم/نموونەی جونز</u>**

**ئەمەیان پێکدێت لەحەوت رێگە بۆ چارەسەری کێشە وەکو:**

**یەکەم :- هەست کردن بە کێشەو پێناسە کردنی کە ئەمانە دەگرێتەوە :**

**1. هەست کردن بە کێشەکە کاتێك کە روودەدات -**

**2. دوورکەوتنەوە لە خێرا وەلآم دانەوە بۆ کێشەکە**

**3. ناسینی مەرجەکان کەپیویستە هەبیت بۆ چارەسەری کێشە**

**4. دیاریکردنی جیاوازی لەنێوان بارودۆخی ئیستاو ئەو بارودۆخانەی کە پێویستە هەبن ئە گەر چارەسەرمان نەویست بۆ کێشەکە .**

**دووەم - کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کێشە وە هەڵسەنگاندن و بە کارهێنانی کە ئەمانە دەگرێتەوە :**

**1.دانانی ستراتیجی یەك بۆ گەران بەدوای ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستە بە کێشەکە.**

**2. ناسینی سەرچاوەی کۆکردنەوەی زانیاری وە هەڵسەنگاندنی.**

3. هەڵسەنگاندنی ووردی زانیاریەکان کە کۆکراونەتەوە وەتا چەند گونجاوە لەگەڵ کێشەکە .

4. مانەوە لەسەر پەیوەندی کردن بە زانیارییە نویَ یەکان هەرچەندە پێچەوانەی زانیارییە کۆنەکان بێت.

سی یەم : شیکاری چارەسەری کاریگەر بۆ کێشەکە ئەمانە دەگریتەوە:

1. پێشنیارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە چارەسەربۆ کێشەکە

2. ناسینی دەرئەنجامی بەستراو بەهەر جێگرەوەیەك( بدیل).

3. دانانی احتمالاتی بابەتی و خودی لە کاتی روودانی هەر دەرئەنجامێك.

4.بەبەرچاوگرتنی هەر بدیلێك لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە کۆکراونەتەوە وە رازیبوونی دەرەنجام و ئەوەمەرجانەی کە هەیە بۆ چارەسەرەکە.

چوارەم -تاقی کردنەوەی باشترین بەدیلەی چارەسەر وە دانانی پلان بۆ گۆرینی کە ئەمانە دەگرێتەوە :

1. تاقی کردنەوەی بەدیلەی چارەسەر .

2.تاقی کردنەوەی باشترین بەدیلەی چارەسەر وەزانینی هۆکاری ئەم تاقی کردنەوە .

3. تاقی کردنەوەی بەدیلەی دووەم بۆچارەسەری کێشە بۆ بەکارهێنانی لە کاتی فەشەل هێنانی بەدیلەی یەکەم .

پینجەم :دانانی پلان بۆ جێ بە جێ کردنی باشترین بە دیل بۆ چارە سە ر کە ئەمانە دەگرێتەوە

1.دیاریکردنی ئەو مەرجانەی کە جێ بە جێ کردنی بە دیلەی دووەمی بۆ چارە سە رتێدایە .

2. بڕیارێکی وورد بدرێت ئەگەر هاتوو پلانەکە جێ بە جێ کرا وە پێویستی بە گۆرانکاری وگۆرینی بە پلانێکی تر هەبوو

شەشەم - پلانی بابەتی بەکاردێت بۆ بە دیلەی دووەمی یان هەر بە دیلەی تر لە دەرە نجامی ئەو زانیاریەی کە کۆکراوەتەوە لە کاتی جێ بە جێ کردنی باشترین بە دیلە .

حەوتەم -شی کردنەوەی دەرئەنجامی چارە سەری کێشە کە ئەمانە دەگرێتەوە :

1. جەخت کردن لە سەر ئەوەی کە کێشەکە چارە کراوە بە شێوەیە کی کاریگەر و هاوسەنگ لە نێوان واقعی ئێستاو پێشوو .

**2.شی کردنەوەی لایەنی ئەرینی و نەرینی بۆ جۆرەکانی رەووشت کە بە دیاردەکەوێ لەکاتی چارەسەری کێشە .**

**3.ناسینی پرانسیپ و شێوازی کە بە کارهاتووە کە یارمەتی دەدات لە چارەسەری کێشەکان لە داهاتوودا.**

**4. هاندان و جێ بە جێ کردنی ئەو پرانسیپ و شێوازانە بۆ چارەسەری کێشەکانی تر کاتێك کە گونجاوە بۆی .**

## چوارەم /نموونەی کوبرج و باجنال

**ئەویش بەم رێگایانە دەبێت :**

**1- دیاریکردنی کێشە**

**2- شیکر دنەوەی کێشە**

**3- پێناسەی کێشە**

**4- دروستکردنی وێنە بۆچارەسەری پێشنیار کراو**

**5- هەڵبژاردنی چارەسەری گونجاو لە نێوان چارەسەرەکان**

**6- انجازی چارەو جێ بە جێ کردنی**

**جۆراوجۆری نموونەکانی چارەسەری کێشەکان کاریگەری هەیە لەسەر گرنگی پێدانی زانایان بە گرنگی ئەو ستراتیژیانە ی چارەسەری کێشەکان کە رێبەرکراو پێ ی دەناڵێنن وە ئەم نموونانەش لەم خاڵانەی خوارەوە یەکدەگرن:**

**ا-دیاریکردنی کێشەو پێناسە کردنی پێویستە لەسەر رابەر کێشە دیاری بکات و پێناسەی بکات بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو .**

**ب-چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاری کە رابەر کۆی دەکاتەوە لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وە چارەسەری کێشە پشت بە زانیاری وورد دەبەستیت .**

**ج-دۆزینەوەی ژمارەیەك لە بەدیل و هەڵبژاردنی باشترینیان بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشە .**

**د- کرداری بڕیاردانی گونجاو بۆ چارەسەری کێشە وە بەرچاو روونی رێبەرکراو بۆ ئەوەی توانای چارەسەری کێشەی دوارۆژی هەبێت.**

خەسلەت و سیفاتەکانی چارەسەرکار

**بۆئەوەی چارەسەرکار لەپیشەکەیدا سەرکەوتوو بێت و زیان بە خۆیی و کەسی گرفتار نەگەیەنێت و رووبەرووی رێکارییە یاساکان نەبێتەوە پێویستە خاوەنی ئەم خاسیەت و خسلەتانەی خوارەوە بێت.**

**1:- لێهاتوویی [الکفائە]**

**مەبەست لە لێهاتوویی ئەوەیە کە دەبێت چارەسەرکارشارەزایی تەواوی لە لایەنی زانستی و پراکتیکی چارەسەرکردنی هەبێت و پسپۆری لە ئەو بوارەدا هەبێت و شارەزای تیۆرو گریمان و شێوازەکانی چارەسەرکردن بێت واتا هەمووکەس ناتوانێت ئەوکارە بکات بەلکوتەنها ئەوانە کاری چارە سەرکار دەکەن کەبۆ ئەو پیشە یە ئامادە کراین و بەردەوامیش لەرێگای خوێندنەوەو راهێنانەوە گەشەبەتواناکانیان بدەن.**

**2:-جەختکردنە سەر بەرژەوەندی گرفتار**

**پێویستە هەموو رێکاری و خزمەتگوزارییەکانی چارەسەرکار بۆ یارمەتیدان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەسی خاوەن گرفت بێت وئاگاداری لایەنی جەستەیی و تەندرووستی و دەروونی و کۆمەلایەتی بێت و کارێکی وا نەکات کە زیان بە کەسی گرفتار بگەیەنێت و نابێت پەنا بۆ ئەو شێوازانە ببات کە زیان بە باری دەروونی و کەسێتی خاوەن کێشە دەگەیەنێت.**

**3:- پاراستنی نهێنییەکان**

**یەکێکی تر لە خەسلەتەکانی چارەسەرکار ئەوەیە کە دەبێت رازو نهێنیەکانی کەسی گرفتار بپارێزێت و بۆ هیچ کەسێکی نەدرکێنێ تەنها لەم حالەتانە نەبێت کە پێویستن بۆ چارەسەری کەسی خاوەن کێشە یان بۆ پاراستن و زیان پێنەگەیاندنی.**

**4:- پراکتیزەکردنی پرەنسیپی پلە بە پلەیی لە چارەسەرکردن**

**واتا دەبێت یەکەمجارچارەسەرکار پەنا بۆ ئەو شێوازی چارەسەرانە ببات کە زیاتر گونجاوو بێ زیانن دواتر ئەگەر هەر چارە نەبوو ئینجا پەنا بۆ ئەو شێوازانە ببات کە تارادەیەکي کەمتر ئازار بە کەسی خاوەن گرفت دەگەیەنن.**

**5:- وەرگرتنی رەزامەندی**

**کاتێک پێویستی بەوئە وە کرد کەپێویستە ئەم شێوازانە بۆ چارەسەرکردن بەکار بهێندرێن کە ئازار بە کەسی خاوەن کێشە دەگەیەنن ئەوە دەبیت پێش بەکارهێنانیان چارەسەرکار رەزامەندی کەسی خاوەن گرفت و کەسوکارو لایەنی پەیوەندیدار وەربگرێت.**

6: -بەشداری پێکردنی گرفتار

پێویستە چارەسەرکار راوبۆچوونی کەسی خاوەن گرفت دەر بارەی ئامانج و شێوازو کات و پێشبینی ئەو لە چارەسەرەکە وەربگرێت لەلایەکی تریشەوە چارەسەرکار هەرچ تێست و پێوانەکارێک بەکار بهێنێت ئەوە دەبێت مەبەست و ناوەرۆکی ئەو تێست و پێوانە کارانە بۆ کەسی خاوەن گرفت رونبکاتەوە.

7- رێزگرتنی هاوپیشەکانی

نابێت بە هیچ شێوەیەک چارەسەرکار لە بەردەم نەخۆش و کەس و کاری لە نرخ و بەهای هاوپیشەکانی خۆی کەمبکاتەوە و وا نیشان بدات کە ئەو لە هەموویان باشتر و سەرکەوتووترە ئەگەر هەر تێبینیەکی لەسەر شێوازو رەفتار و جۆری چارەسەرەکانی هاوپیشەکانی هەیە ئەوا دەبێت بەتەنیا و دوور لە نەخۆش و کەس و کاری بە شێوازی زانستی و گونجاو تێبینیەکانی بە هاوپیشەکانی رابگەیەنێت.

8- دوورکەوتنەوە لە پەیوەندی نا پیشەیی

بۆئەوەیی چارەسەرکار لە کارەکەی دا سەرکەوتووبێت و ناوو ناوبانگی لەکەدار نەبێت ئەوا بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی تایبەتی و سۆزداری لەگەڵ کەسی خاوەن گرفت دابنێت چونکە ئەم جۆرە پەیوەندیانە زیانی زۆر بە کار و پیشەکەی دەگەیەنێت و کەسێتی و ناوی لەکەدار دەکات.

بەشی سێ یەم

# ئاراستەکان

**ئاراستەی رەفتاری بەیەکەوەبەستراو**

خاوەنی ئەم لایەنە وای دەبینن کە تاک روبەروی کێشەیەک دەبێتەوە ئەوا هەوڵدەدات کە چارەسەری کێشەکەی بکات لە ریگەی ئەو وەلامانەی کە پێشتر فێری بوەو تاک هەولی **جارەسەری کێشە دەدات لەریگەی** بیرۆکە ئاسان و سادەکان وە دواتر دەگوازرێتەوەو بۆ بیرۆکە زیاترە بەهێزەکان وە خاوەنی ئەم لایەنە وای دەبینن کە چارەسەری کێشە خۆی هەلوێستێکە کە لەوانەیە لەرێی فێرکردنەوە بێت ئەمەش بە رێگای بەش بەشکردنی و جيَ بة جيَ كردنةكة بؤ جةند هەنگاويَك يان جةند قؤناغيَك وە هەنگاو هەنگاو بروات و بۆ هەر هەنگاوێک ئاستێک دیاری دەکات و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ هەنگاوی دواتر هەروەها رەفتارەکان پەیوەندییەکی بەیەکەوە بەستراویان لە نێوان وروژێنەرو وەلامدانەوەی دا هەیە .

کارامەیی چارەسەری کێشەلە روانگەی رەفتاریەوە

1:-هەلوێستێکە کە ئەگەری هەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری فێرکردنەوە.

2:-دابەشکردنی بەشەکان و توخمەکان بەسەر جەند هەنگاوئک .

3:-فێرخواز هەنگاو بە هەنگاو لەسەری دەروات و لە هەر هەنگاوێک پلەیەک دیاری دەکات بۆ سەرکەوتن ..

**دووەم /ئاراستی جەشتالْتییەکان**

**جەشتالْتی یەکان بیرکردنەوە و چارەسەری کێشەکان بە پرۆسەیەکی معرفی داخلی دادەنێن وە زانا (کوهلەر) و هاوەڵەکانی -وایدەبینن کە تاکەکان توانای چارە سەری کێ شەکانیان هەبێت ئەوە ئەو تاکانەن کە توانایان هەیە لە سەر درك پێکردنی بە دیاردە سەرەکیەکان کە گرنگن و ئەم کارەش پێویستی بە جۆرێك لە چارەسەری استبصاری هەیە کەدەرکەوتنی چارەسەر بە شێوەیەکی خێراو لە ناکاو ە ..**

**(کوهلەر چارەسەری کێشەکان بەم شێوە دەبینێت)**

**١- گەیشتن بە چارە لە ناکاو دێت**

٢- استبصار دەوەستێتە سەر درکردن و رێك خستنی بەشەکانی بارو دۆخەکە

٣- هەرکاتێك تاك گەیـ شتە چارە لە رێگای ا ستبـ صار دەتوانێ بە ئا سانی دووبارەی بکاتەوە لەبارودۆخی نوێ دا.

## سێ یەم/ ئاراستەی زانین

زانایان وا دادەنین کەهەڵۆێستی چارەسەرکردنی کێشە هەڵۆێستێکە رووبەرووی منداڵ دەبێتەوە و کارلێك دەکات.لە گەڵی. ،وە ئەو زانیاریانەی کە کۆبـۆتەوەو خەزنە لەلای منال بـۆ ئامانجی گەیشتن بەشارەزایی و وێنەی نوێ کە دڕککردنە بەکێشەکە کە ئەمەش دەبێتە چارە بۆ کێشەکە وە دوایش کێشە نوێیەکە رووبەروی منداڵ دەبێتەوە وە ئامانجی پێدانی شارەزای نوێیە کە یارمەتی دەدات بۆ گەشە و پێش کەوتن..

ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن لەسەر باشترکردنی توانای منداڵ لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەو شێوەیەی خوارەوە روون دەکەینەوە:-

1. رێژەی ژیری
2. باری جەستەیی
3. بروابون بەخود
4. داهێنان

## جوارەم / ئاراستەی پیشکەوتوو

جان بیاجیە وا گریمان دەکات کە ئەو توانا زیادانەی خەزن کراوە لەلای منداڵان وا دەکات کە منداڵەکان زیاتر چالاك بن لە رێکخستنی زانیاریەکان و چارەسەری کێشەکان وە پەیدابوونی توانای زیاتر لە ئەنجامی وەرگرتنی زانیاری نوێ.

وە هەندێك لە توێژینەوەپێشکەوتووەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەندی لە تاکەکان بە ئاستی جیاواز لە پێشکەوتنەکانیان توانای جیاواز یان هەیە لەجارەکردنی کیشەکان

# بەشی چوارەم

# کێشه پەروەردەی یەکان

**یەکەم : کێشەی خراپ بەکارهێنانی کات :**

**کات گرنگترین شته که مرۆڤ هەیەتی مرۆڤ له ژیانی کاتیش ژیانیەتی ,ئەوەی کاتی خۆی به فیرۆبدات ئەوا ژیان به فیرۆ دەدات , وه مرۆڤ ئەتوانێت ئەگەر مولك و سامانی له دەست بدات بەدەستی بهێنێتەوه , بەڵام کات رۆیشت ناگەرێتەوه.**

**وه دەزانرێت که زۆربەی زۆری قوتابیان سوود لەکاتەکانیان وەرناگرن و کاتەکانیان لەدەست دەچێت .ئەوان کاتژمێرەکانیان لەسەر شەقام ,........... بەسەردەبەن بۆیه بێزاری و نائومێدی و توندو تیژی زیاد دەبێت هەروەها هەندێ رەفتاری ناشایسته ئەنجام دەدەن وەکو دزی کردن وخواردنەوه و جگەرەکێشان و درۆکردن.....**

1- **ئەو منالەی کاتەکانی لەسەرخۆ بەکاردەهێنێت یان هەر بەکاری ناهێت پێی دەڵێن تەمبەڵ.**
2- **ئەو منالەی کاتەکانی له شتی بێ مانا سەرف دەکات پێ ی دەڵێن گەمژه.**
3- **ئەو منالەی کاتەکانی هەر دوا دەخات بۆ کاتی تر ئەوه پێی دەڵێن کەم تەرخەم.**

**هۆکارەکانی کاتی بوونی بەتاڵ لای قوتابی**

1- **نەبوونی شوێنێکی تایبەت به وەرزش و یاری .... بۆ ئەوەی قوتابی سوود وەربگرێت بۆ ئەوەی هیوا و ئارەزووەکانی بکات , ئەگەر هەش بێت ژمارەیەکی کەمن یان بێ بەرامبەر نیه یان نرخەکەی گرانه.**
2- **قوتابی کاتی رێك ناخات بەتایبەتی کاته بەتاڵەکانی بۆیه زۆربەی کاتەکانی به فیرۆ دەروات.**
3- **قوتابی پێویستی بەوەیه یەکێك یارمەتی بدات له رێکخستنیکاتەکانی سوود وەرگرتن لێی که ئەمەش نه له قوتابخانه نه له ماڵ کەس بەمه هەڵناسێت.**
4- **کەم و کری له پرۆگرامەکانی خوێندن بەوەی که بابەتی بەکارهێنانی کات بەشێوەی سوودمەند و رێکخستنی هەبێت و قوتابی فێربکرێت .**
5- **هەندێك له قوتابیان لاسایی دایك و باوك دەکەنەوه له گرنگی نەدان بەکاتەکانیان که ئەوان سەیری کات دەکەن که هیچ بەهایەکی نیه.**